هەرێمی کوردستان - عیراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی سامانە سروشتییەکان

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة الثروات الطبيعية

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Natural Resources

No :
Date : 15 / 9 / 2015

ژمارە / ٨٥٤٥
ڕێکەوت : ٢٤ / گەلاوێژ / ٢٧١٥ ی کوردی

# فەرمانی وەزاری

بە مەبەستی ڕێکخستنی چالاکییەکانی کەرتی نەوت و گاز بە باشترین شێوە کە خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی بگەیەنێت و لە هەمان کاتدا ئەرکی پارێزگاریکردنی تەندروستی هاولاتیان و پاراستنی ژینگەی هەرێم لە خۆبگرێت، بریارماندا:

١. تەنها ئەو پالاوتگانەی لە خشتەی ژمارە (١)دا ناویان هاتووە داناخرێن و بەردەوام دەبن بە مەرجێک ڕێنماییەکانی تەندروستی و سەلامەتی و ژینگەی حکومەتی هەرێم لە ماوەی (٣) سێ مانگدا جێبەجێبکەن و لە پشکنینی تیمەکانی وەزارەتدا دەربچن.

٢. ئەو پالاوتگانەی لە خشتەی ژمارە (٢)دا ناویان هاتووە دادەخرێن و بە هیچ شێوەیەک نابێت کاربکەن.

٣. ئەو پالاوتگانەی ناویان لە خشتەی ژمارە (١ و ٢)دا نەهاتووە دادەخرێن بە هۆی پێنەدان و نەبوونی زانیاری لەسەریان، هەرچەندە وەزارەت لە کاتی خۆیدا دەرفەتی بە هەمووان‌دا بۆ پێدانی زانیاری لەسەر پالاوتگەکانیان.

٤. ئەو پالاوتگانەی ناویان لە خشتەی ژمارە (١)دا هاتووە و وە لە پشکنینی وەزارەت دەرناچن لەگەڵ ئەو پالاوتگانەی لە خشتەی ژمارە (٢)دا ناویان هاتووە و ئەوانەی لە خاڵی (٣)دا ئاماژەیان پێکراوە لە ماوەی (٦) شەش مانگدا خۆیان پالاوتگەکانیان هەڵوەشێنەوەو شوێنەکەیان پاکبکەنەوە.

بۆجێبەجێکردنی ئەو خاڵانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان داوا دەکات لە وەزارەتی ناوخۆ بە تایبەت هێزەکانی (پۆلیس و ئاسایش) و پارێزگاکان و ئیدارەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر بۆ چاودێریکردن و لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە لە سەرپێچیکەران. لەکاتی بوونی هەر سەرپێچیەک ئەوا وەزارەت هەموو ڕێگە یاساییەکان و داراییەکان دەگرێتە بەر بۆ سزادانی سەرپێچیکەران.

لەگەڵ ڕێزماندا

هاوپێچ/ خشتەکانی ژمارە (١ و ٢).

د.ئاشتی هەورامی
وەزیری سامانە سروشتیەکان
١٥/٩/٢٠١٥

Kurdistan Region – Erbil
Phone :
E-mail: administration@mnr.krg.org
00964(0)662550041 , 00964(0)662550042
هەرێمی کوردستان – هەولێر
تەلەفۆن :

No :
Date : ١٥ / ٩ / 2015

ژمارە / ٨٠٤٥
ڕێکەوت : ٢٤ / گەلاوێژ / ٢٧١٥ ی کوردی

هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
دەرچوو
وەزارەتی سامانە سروشتییەکان

<u>وێنەیەک بۆ/</u>

- سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئاگاداریتان.......لەگەڵ ڕێزماندا
- سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران / بۆ ئاگاداریتان.....لەگەڵ ڕێزماندا.
- نوسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران / بۆ ئاگاداریتان.....لەگەڵ ڕێزماندا.
- سکرتاریەتی ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز / بۆ ئاگاداریتان.....لەگەڵ ڕێزماندا..
- وەزارەتی ناوخۆ / نوسینگەی بەڕێز وەزیر ........ لەگەڵ ڕێزماندا.
- پارێزگاکان ( هەولێر، سلێمانی، دهۆک ) بۆ کاری پێویست .......لەگەڵ ڕێزماندا.
- نوسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت / بۆ ئاگاداریتان.....لەگەڵ ڕێزماندا.
- ڕاوێژکاری تەندروستی و سەلامەتی و ژینگە / بۆ ئاگاداریتان.....لەگەڵ ڕێزماندا.
- دۆسیەی گشتی.